# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## ڕاپۆرتێک لەبارەی:

# دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە گەرمیان

تشرینی یەکەمی 2023

## پێشەکی:

بەڕێوەبەرایەتــی دەســتەبەری کۆمەڵایەتی بــۆ کرێکارانی گەرمیان ســەر بە وەزارەتــی کار و کاروباری کۆمەڵایەتــی هەرێمە، ئەرکی ئــەم بەڕێوەبەرایەتیــە بریتییە لــە تۆمارکردنی ناوی شــوێنکار لە گەرمیان لەگەڵ تۆمارکردنی ناوی کرێکاران بەمەبەســتی زەمانەت و دەستەبەری.
بەڕێوەبەرایەتی دەســتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان لە ســاڵی ٢٠٢٢ دامەزراوە، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە کۆمەڵێک بەش و هۆبە پێکهاتوە، بەشــەکان بریتین لەمانە: (خۆیەتی و کارگێڕی، خەزنە، وردبین، پشــکنین، ئیجرائات و بەشــدارییەکان)، هاوکات هۆبەکانیــش بریتیــن لــە: (ئایتــی، گەنجینە، خزمەتگــوزاری و دۆسیەکان).
بەڕێوەبەرایەتــی دەســتەبەری کۆمەڵایەتی بــۆ کرێکارانی گەرمیان بەپێی یاسای ژمارە ٣٩ـی ساڵی ١٩٧١ـی عێراقی و هەموارکراوی ژمارە ٤ـی ساڵی ٢٠١٢ـی پەرلەمانی کوردستان کاردەکات.

## بەشی یەکەم: کێشەکانی پرۆسەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە گەرمیان

### ١. بڕی پارەی دەستەبەریی

هێمــن جەمال جەبــار، بەڕێوبــەری دەســتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانــی گەرمیان دەڵێــت: «کاری بەڕێوبەرایەتیمان لە ســەر دەســتەبەرکردنی ئەو کرێکارانەیە کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن و لەلامــان تۆماردەکرێــن و زەمانەتیان بۆ دەکرێت، بە جۆرێک لە ٪١٧ـی زەمانەت لە خاوەن کار وەردەگیرێت».
وتیشــی: ئەو لە ٪١٧یە لــە کۆی موچەی کرێــکار وەردەگیرێت، ئەمــەش بــە جۆرێکە لە ٪١٢ــی خاوەن کار دەیدات و لە ٪٥ــی کرێکار، بۆ نمونە ئەگەر کرێکارێک موچەکەی ٣٥٠ هەزار بێت ئەو لە ٪١٧یە کە وەردەگیرێت ئەکاتە ٥٩ هەزار دینار، لەو بڕە پارەیە کرێــکار تەنهــا ١٧ هــەزار و ٥٠٠ دینــار دەدات ئەوەکەی دیکەی خاوەن کار دەیدات.
جەختی لەوەشکردەوە: ئەم بڕە پارەیەش کە وەردەگیرێت بەپێی یاسای ژمارە ٣١ـی ساڵی ١٩٨٧ـی عێراقی و هەموارکراوی یاسای ژمارە ٤ــی ســاڵی ٢٠١٢ــی پەرلەمانی کوردســتان دیاریکراوە و مانگانەش وەردەگیرێت.

### ٢. ژمارەی کرێکاری تۆمارکراو

لە ســنوری گەرمیان زیاتر لە ١ هەزار دۆسـیە بۆ شــوێنکارەکان لە دەســتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی سنورەکە تۆمار کراون، سەروی ٧ هەزار کرێکاریش تۆمارکراوە.
هێمــن جەمــال جەبــار، بەڕێوبــەری دەســتەبەری کۆمەڵایەتــی بــۆ کرێکارانــی گەرمیان دەڵێت: ئەو دۆســیانەی کــە هەمانە لە ســنوری گەرمیان بەنــاوی خاوەنکارەوە بۆ خودی شــوێنکارەکە دەکرێــت، ئەگەرچــی تاوەکــو ئێســتا داتابەیســێکی دروســتمان نیــە بۆ تۆمارکردنی ئەو شــوێنکارانەی کە هەیــە لەگەڵ ژمارەی کرێکاران، بۆیە لە ئێســتادا لە گەرمیان ١٢٢٧ دۆســیەمان هەیە، کە ٨٧٠ دۆسیەمان لە سلێمانی بوە و هێناومانەتەوە پێش ئەوی بەڕێوبەرایەتمیان بکرێتەوە لێرە.
جەختی لەوەشــکردەوە: لەگەڵ ئەوەشــدا نزیکەی ٧ هەزار و ٥٠٠ کرێکار ناویان تۆمارە و دەستەبەرییان بۆ کراوە.
ئەم ژمارەیەش زۆترە لەو ڕێژە کرێکارەی کە لەلای لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکاران تۆمارکراوە و پێکهاتوە لە ٦ هەزار کرێکار.

## ٣. کرێکاران زانیارییان لەسەر دەستبەری کۆمەڵایەتی نیە

کرێـکاران بـاس لـەوە دەکـەن زانیارییـان لەسـەر دەسـتبەری کۆمەڵایەتـی نیە و ئـەوەی دەیبیسـتن لە خەڵکانـی دیکەوەیە، بەڕێوبەری ئەو بەڕێوبەرایەتیەش وەڵام دەداتەوە.
«یـەک جار لیژنەیـەک سـەردانی کردین وتیان بۆ دەسـتەبەری کۆمەڵایەتیـە بـۆ بیمـەی تەندروسـتی، نـاوی مـن و هاوڕێیەکم تۆمارکراوە لەلایەن خاوەنکارەکەمانەوە». هەردی عاسـی، کرێکار لە کەلار وا دەڵێت.
وتیشی: زانیاریم هەیە کە لە ٪٥ی کۆی موچەکەی خۆم دەبێت، لەوە بترازێت زانیاری دیکەم نیە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: بۆ ئەم بابەتە لەم وڵاتەی ئێمە و حکومەتی هەرێم هیچ شتێکیان باش نەبوە و لە بەرژەوەندی هاوڵاتی ئاسایی نەبـوە تاوەکو ئەم دەسـتەبەرییە لە بەرژەوەنـدی ئێمەی کرێکار بێت.
بەشـێک لە کرێـکاران باس لـەوە دەکەن زانیارییان نیە لەسـەر دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی بۆ کرێکاران وەکخۆیـان دەڵێن ئەوەی هەیە لە خەڵکی دیکەوە دەیبیستن.
هونـەر ئەحمـەد، کارێکار لـە کەلار دەڵێت: «زانیـاری زۆرم نیە لەسـەر بابەتی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی، ئەوەی زانیاریم هەبێت هەندێک شـتم بیسـتوە لەلایـەن هاورێکانمەوە کـە موچەمان بۆ دەبڕنەوە«.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئاگادار نیم ناومان تۆمارکراوە یان نا، بۆیە زانیاریم نیە لەسەری.
لـە بەرامبـەردا، هێمـن جەمال جەبـار، بەڕێوبەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی بـۆ کرێکارانـی گەرمیـان دەڵێت: هـۆکاری نەبونی زانیاری کرێکار لەسەر دەستەبەری کۆمەڵایەنی نەبونی هۆشیارییە، ئەگەر کرێکار هۆشـیار هەبێت و بزانێت دەسـتەبەری بۆ دەکرێت بـە تۆمارکردنـی نـاوی، مافی خانەنشـینی دەبێـت و ئەگەر بۆ مانگێکیش دەستەبەری بۆ کرابێت و لە سەر کارەکەی توشی کەم ئەندامبون بێت ئەوە بەپێی یاسـاکە و بەپێی ڕاپۆرتی پزیشـکی مافی خانەنشین بونی بۆ ئەبێت وەک فەرمانبەرێکی حکومی.
وتیشی: بەڵام تاوەکو ئێستا خاوەنکار وا کرێکاری تێگەیاندوە کە ئەمە باجە لێی وەردەگیرێت.

بەهەمان شـێوە، فەرهاد کەمال، لێپرسـراوی بەشـی پشـکنین و ئەندامـی لیژنـەی پشـکنین بـۆ شـوێنکاران لـە بەڕێوبەرایەتی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی بـۆ کرێکارانـی گەرمیـان هێمـای بۆ ئەوەشـکرد: پێشـتر کرێکارمـان کـەم دەبینی، بەڵام ئێسـتا لە ڕێنماییەکی نوێدا بۆمان هاتوە دەبێت کرێکار لەبەرامبەر ناوەکەی واژۆ بکات کاتێک شوێنکارێک تۆمار دەکەین.
بەپێچەوانـەی کرێکارەکانەوە، خـاوەن کارەکان دەڵێن ناویان لە دەسـتبەری کۆمەڵایەتـی تۆمارکـردوە، ناوی کرێکارەکانیشـیان بەهەمان شێوە، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە مانگانە لە ٪١٧ـــی ئەو بڕەی بۆیان دیاری کراوە رادەستی دەستەبەری دەکەن.
ئـارام ئەحمەد، بەڕێوبەری بازاڕی سـۆران دەڵێت: لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٧ــەوە ناومـان تۆمارکـردوە چ وەک بازاڕەکە چ وەک کارمەندەکانیـش لـە دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێـکاران کە ئەوکات لە بەڕێوبەرایەتی لە سلێمانی بو، هاوکات ٦ مانگ جارێک ئـەو بـڕەی کە دیاریکـراوە بۆمان بە پێی یاسـا بۆمان بردون کە خۆی لە ٪١٧ دەبینێتەوە.
وتیشی: بەڵام لەگەڵ هاتنی بەڕێوبەرایەتیەکە بۆ گەرمیان مانگانە ئەو برە پارەیە رادەست دەکەین.
هاوکات، سـارا عوسـمان، خاوەنی کافیێی (AS) لە قەزای کەلار بـاس لەوە دەکات: بۆماوەی ٥ مانگە کافێکەمان تۆمار کردوە لە بەڕێوبەرایەتی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی، لەگـەڵ ئەوەش تاوەکو ئێستا پارەمان نەداوە ئەوەی زانیاریمان هەبێت بە ویستی خۆمانە کەی ئەو برە پارەیە کە لە ٪١٧یە رادەستی دەکەین.
«لە ساڵی ٢٠١٩ــەوە دۆسیەمان بۆ کراوەتەوە لە بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ٢ کرێکارمان هەیە، مانگانەش لە ٪١٧ کـە دەکاتە ٣٨٠ هـەزار بۆ ٢ مانگ جارێک رادەسـت دەکەین».
عەبدین محەمەد عەبدوڵڵا، خاوەنی سـاردەمەنی ئەڵوەن لە قەزای کەلار وای وت.
دەشـڵێت: ٣ کرێکارم کەمکردەوە، چونکە زۆرم لەسەر ئەکەوت، بە جۆرێک ١٢ ملیۆن دینارم هاتوە سـەر لە سلێمانی بۆیان کردم بە ٨ ملیۆن دینار.

## ٤. کرێکاران بێئاگان لەبارەی سودمەندبونەکانی دەستەبەریی

«نازانیـن ئـەو بـڕە پارەیە بۆچـی وەردەگیرێـت، بەڵکو ئەوەی پێمـان وتـراوە ئەوەیە کـە بـۆ تەئمیناتی کرێـکارە و دەتوانێت وەری بگرێتەوە، لە کاتێکدا تاوەکو ئێستا شاگردەکانم ئەو بڕە پارەیەیان وەرنەگرتوەتەوە». عەبدین محەمەد عەبدوڵڵا، خاوەنی ساردەمەنی ئەڵوەن لە قەزای کەلار وای وت.

لـە وەڵامـدا، هێمـن جەمـال جەبـار، بەڕێوبـەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان دەڵێت: چەندین کرێکار هاتون و داوای پاداشتی کۆتای خزمەتیان کردوە و مامەڵەشمان بۆ رایی کردون، ئەمەش بە داتا لەلامان بەردەستە.

پسپۆڕێکی ئابوری دەڵێت: لە سەردەمی روخانی رژێمی بەعسەوە تاوەکو ئێسـتا پـارە وەردەگیرێت بـۆ دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی کرێـکار، حکومەت ئامانـج لێی بردنیەتی نەک خسـتنە خزمەتی کرێکارنەوە.

هێمـن تۆفیـق، پسـپۆڕی بواری ئابوری و مامۆسـتا لـە زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان، باس لەوە دەکات: لە سەروبەندی روخانی حکومـەت بەعس تاوەکو سـاڵی ٢٠١٠ کۆمەڵێـک خەڵک کارگەی بلۆکیان هەبوە و دەستەبەرییان کردوە کەچی کرێکار هەر ئاگایان لـێ نەبوە، دواتریـش کرێکار هەبوە لەسـەر کارەکەی کەمئەندام بوە، کەچی هیچ موچەیەکی بۆ نەبڕاوەتەوە.

وتیشـی: ئەوەی لە هەرێمی کوردسـتان هەیە تەنها کۆکردنەوەی داهات و بردنیەتی.

## ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە پاداشتی کوتاییان وەرگرتوە

| ساڵ | ژمارەی کرێکار |
|---|---|
| 2022 | 45 |
| 2023 | 13 |

بەپێـی یاسـای بـەرکاری وەزارەتی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتی کرێـکاران دەتوانـن داوای پـارەی پاشـەکەوتی خزمەتی کۆتای خۆیان بکەن بە جۆرێک ئەگەر بۆ ماوەیەکیش کاری نەمابێت.

هێمـن جەمال جەبـار، بەڕێوبـەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان دەڵێت: «بەپێی یاسـای ژمارە ٣٩ـی ساڵی ١٩٧١ـی عێراقی و هەموارکراوی یاسای ژمارە ٤ـی ساڵی ٢٠١٢ـی پەرلەمانی کوردستان، کرێکار بۆی هەیە داوای پاداشتی خزمەتی کۆتایی خۆی بکات کە ئەگەر بۆماوەی ساڵێکیش بێکار مابێتەوە، بەجۆرێک کە لە ٪٥ی لێوەرگیراوە لەلای ئێمە ئەوکات لە ٪٨ـی بۆ ئەگەڕێتەوە».

هێمـای بۆ ئەوەشـکرد: لەگەڵ ئەوەشـدا ئەگەر بـەردەوام بو لە کارەکـەی و بۆمـاوەی ٢٠ سـاڵ خزمەتی هەبو ئـەوە لە تەمەنی ٦٣ ساڵی دەتوانێت خانەنشین ببێت وەک فەرمانبەرێکی حکومی موچەی بۆ دیاریی دەکرێت، کە ئەمەش بەپێی یاساکە رێکخراوە.

جەختی لەوەشـکردوەتەوە: ئەمە جگە لەوەی هەر بەپێی یاساکە بـۆ نمونـە دەرچویەکـی زانکـۆ بـۆ ماوەی ١٠ سـاڵ لـە کەرتی تایبـەت کاری کردبێت و زەمانەتی هەبێت، کە لە کەرتی حکومی دادەمەزرێت بە فەرمانێک ئەو خزمەتەی لە کەرتی تایبەت هەیبوە بـۆ دەگوازرێتـەوە، هاوکات هەر کرێکارێکیش لـە کاتی کارەکەی توشـی هـەر روداو و حاڵەتێکی نەخوازراو بو وەک لەدەسـتدانی بەشـێکی جەسـتەی، بەپێـی راپۆرتـی پزیشـکی، راسـتەوخۆ خانەنشین بون ئەیگرێتەوە.

بەپێـی وتـەی بەڕێوبـەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی کرێکارانی گەرمیان، هەر بەپێی یاسـای ناوبراو هـەر کرێکارێک کە ناکارامە بێت و هیچ پسـپۆڕییەکی نەبێت، ئەوە دەبێت موچەکەی لە ٣٥٠ هەزار دینار کەمتر نەبێت.

## ٥. ئەگەر خاوەنکار لە کاتی خۆیدا پارە نەدات زیادەی دەچێتە سەر

خـاوەن کارەکان باس لەوە دەکەن ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئەو برە پارەیەی کە بۆیان دیاریکراوە بەپێی یاسا رادەستی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەریی نەکەن، ئەوە زیادەی دەچێتە سەر کە ٪٢ـە بۆ هەر مانگێک.

ئارام ئەحمەد، بەڕێوبەری بازاڕی سـۆران، دەڵێت: ئەگەر مانگانە ئـەو برە پارەیەی کە بەپێی یاسـا دیاریکراوە رادەسـت نەکەین، ئـەوە زیادەی دەچێتە سـەر کە خۆی لـە ٪٢ دەبینێتەوە بۆ هەر مانگێـک، بونمونە مانگی ١ ئەگەر پارەکە رادەسـت نەکرێت، ٪٢ زیادە دەچێتە سەری و بۆ مانگی ٢ ئەبو بە ٪٤ کە دوا بکەوتایە و بەیەکەوە بمان بردایە.

هاوکات، عەبدین محەمەد عەبدوڵڵا، خاوەنی سـاردەمەنی ئەڵوەن لـە قەزای کەلار وتـی: بەڕێوبەرایەتی خۆیـان پەیوەندیمان پێوە دەکـەن ئەگەر ٢ مانگ بەسـەر پێنەدانـی تەئمیناتەکە تێپەڕێت، پێمان رادەگەیەنن بۆ ئەوەی زیادەی نەچێتە سەر.

بەپێچەوانەی هەندێک خاوەنـکارەوە هەندێکیان دەڵێن زانیارییان نیە لەسەر ئەوەی ئەگەر لە کاتی خۆیدا پارە نەبرێت ئەوە زیادەی دەچێتە سەر و دەستبەریش ئەوەیان رون نەکردوەتەوە بۆیان.

سـارا عوسـمان، خاوەنـی کافێـی (AS) لە قەزای کـەلار باس لـەوە دەکات: «زانیاریمـان نیـە کـە زیـادەی ئەچێتە سـەر لە رادەسـتنەکردنی ئەو برە پارەیەی کە دیاریکراوە بۆ هەر مانگێک کـە دوابکەوێـت، وەک بەڕێوبەرایەتیش هیـچ زانیارییەکان پێمان نەداوە لەسـەر ئـەو بابەتە، بۆیە ئەگەر وابێت مانگانە رادەسـتی دەکەین».

لـە بەرامبـەردا، هێمـن جەمال جەبـار، بەڕێوبەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان دەڵێت: بەپێی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری بە ژمارە ٣٩ـی ساڵی ١٩٧١ و هەموارکراوی ژمارە ٤ـی سـاڵی ٢٠١٢، هەر خاوەنکارێک دوا بکەوێت لە دانی پارەی دەسـتەبەری بۆ هەر مانگێک، ٪٢ سـزای دەچێتە سەر، بۆ نمونە مانگی ١ ٪٢ـەن بۆ مانگی ٢ دەبێت بە ٪٤.

وتیشـی: ئەو شوێنکارانەی پابەند نابن بە دانی ئەو برە پارەیەی کـە بۆیـان دیاریکـراوە وەک دەسـتەبەریی، ئـەوە ١ بـۆ ٢ جار ئاگادارکردنەوەیان بۆ دەنێرین بۆ جاری سێیەم دەدرێنە دادگا.

جەختی لەوەشـکردەوە: چەندین دۆسـیەمان لـە دادگایە بۆ ئەو مەبەستە.

**ژمارەی ئەو دۆسێیانەی دراون بە دادگا**

| ساڵ | ژمارە |
|---|---|
| 2022 | 15 |
| 2023 | 3 |

## ٦. بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سەندیکای کرێکاران پەیوەندیان نیە

«لەگـەڵ بەڕێوبەرایەتی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی دا لە ئێسـتادا هیچ پەیوەندیەکمان نیە، تاوەکو بەش بون لێرە لیژنەی تێکەڵمان هەبو بەیەکەوە بۆ سـەردانی کردنی شوێنکارەکان و کارگەکان لە گەرمیاندا، بەڵام ئێستا نە لیژنەمان هەیە پێکەوە نە پەیوەندیشمان هەیـە». عەدنـان محەمەد، سـەرۆکی لقی گەرمیانی سـەندیکای کرێکارانی کوردستان دەڵێت.

وتیشی: هۆکارەکەشی بێ بەرپرسیارێتیە بەرامبەر بە کرێکاری کە چەندینجار لە ماوەکانی پێشـتر ئەوەمان پێڕاگەیاندون و داوامان کردوە لیژنەکان وەکخـۆی پێکبهێنرێتەوە بۆ ئەوەی مافی کرێکار پارێزراوبێـت و وەربگیرێتەوە، بەڵام کەس بـە دەم داواکانمانەوە نەهاتوە.

جەختی لەوەشکردەوە: لە کاتێکدا زۆربەی ئامار و داتاکانی کرێکار لەلای ئێمە بەردەستە، کەچی هیچ ئامارێک لەلای ئێمە وەرناگرن، بەجۆرێک چەندینجار ئامارمان پێداون کە شوێنکاری وا هەبوە ٥٠ بۆ ٦٠ کرێکار کاری تێداکردوە، بۆ ئەوەی بتوانن دەسـتەبەرییان بۆ بکەن، بەڵام پێناچێت بەدواداچونیان بۆ کردبێت.

ئەمـە لـە کاتێکدایە بەپێـی ئامارێکی لقی گەرمیانی سـەندیکای کرێکارانی کوردسـتان لە سنوری گەرمیان ٦ هەزار کرێکار ناویان تۆمارکراوە.

لە وەڵامدا، هێمن جەمال جەبار، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان دەڵێت: زۆرجار لەیەکتێنەگەشـتن هۆکارە بۆ ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا نەمێنێت.

وتیشـی: بۆ نمونە، لە سەرەتاوە سـەندیکای کرێکارانی گەرمیان هاوکاری باشـی ئێمە بون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کارمەندێکیان لەگـەڵ لیژنەکـەی ئێمەدا هەبـو، بەڵام ئیفادی بۆ خـەرج نەکرا، پەیوەنـدی و هاوکارییـان بۆ ئێمە نەما، لەکاتێکـدا خەرجکردنی ئیفاد لە دەسـەڵاتی ئێمەدا نییە بەوهۆیـەی یەکەی ژمێرییاریمان نییە.

هێمای بۆ ئەوەشـکرد: داوامان لە ژوری بازرگانی گەرمیان کردوە کە بەپێی یاسـاکە دەبێت نوێنەری ئەوان و سـەندیکامان لەگەڵ بێت، بەڵام ژوری بازرگانی هاوکارمان نەبون.

### ٧. داهاتی پرۆسەی دەستەبەریی چی لێدێت؟

بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان دەڵێت: ڕۆژانە هەر داهاتێک کە دێتە بەڕێوبەرایەتیمان، ڕاستەوخۆ دەچێتەوە خەزێنەی حکومەت.
هێمن جەمال جەبار،وتی: «ئەو بڕە پارەیەی کە وەردەگیرێت و لە ٪١٧یە ڕۆژانە ڕاستەوخۆ دەچێتە خەزێنەی حکومەتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی حساب بانکی تایبەت بە بەڕێوبەرایەتیمان».
دەشڵێت: مەرجە ڕۆژانە ئەو داهاتەی دێتە بەڕێوبەرایەتیمان ڕاستەوخۆ ڕادەستی بانک بکرێت.

**داهات**

| ساڵ | بڕ |
|---|---|
| 2022 | 439ملیۆن و 702 هەزار و 400 دینار |
| 2023 | 1ملیار و 297 ملیۆن دینار |

# بەشی دوەم: بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان و کێشەکانی

## ١. گرفتی بینا

یەکێک لەو کێشانەی روبەڕوی فەرمانگە حکومیەکان بوەتەوە نەبونی بینای سەربەخۆی خۆیانە، یەکێک لەو بەڕێوبەرایەتیانەش دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیانە کە بینای تایبەت بە خۆی نیە، وەک خۆیان دەڵێن ئەمەش گەورەترین کێشەیە بۆ ئەوان.

هێمن جەمال جەبار، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان دەڵێت: «وەک بینا گەورەترین کێشەکان هەیە، چونکە بچوکە و لە قاتی سەرەوەشین و هی خۆشمان نیە و ژورمان کەمە، بۆیە زۆر جار کەسانێک دێن یان خاوەن پێداویستی تایبەتن یان بە تەمەنن ئەمەش کێشەی بۆ ئێمە دروست کردوە».

باسی لەوەشکرد: لە سەرەتای دروستبونمانەوە پلانی ئەوەمان هەیە، شارەوانی کەلار پارچەیەک زەویمان بۆ دابین بکات و بیکەین بە بینا، بەڵام تاوەکو ئێستا کارمان لەسەر ئەو بابەتە نەکردوە.

## ٢. گرفتی کەمی فەرمانبەر

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارای لە دوای ساڵی ٢٠١٤ەوە تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە دەرگای دامەزراندن بکاتەوە بۆ دەرچوانی پسپۆڕییەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەمەش وایکردوە زۆرینە فەرمانگەکان گرفتی کەمی فەرمانبەریان هەبێت و کێشەیان بۆ دروست بکات.

هێمن جەمال جەبار، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان، دەڵێت: «بەڕێوبەرایەتیمان بەکۆی گشتی بەشەکانەوە خۆی لە ٢٧ فەرمانبەر دەبینێتەوە کە ٢ لەو فەرمانبەرانە گرێبەستن و ٢٥ی‌یان میلاکن، لەگەڵ ئەوەشدا پاسەوان و پاککەرەوەمان نیە».

دەشڵێت: بەڕێوبەرایەتیمان رۆژ لە دوای رۆژ لە فراوانبونادیە، بۆیە لە ئێستاشدا پێویستمان بە فەرمانبەری دیکە هەیە کە بە لایکەمەوە ١٠ دانەمان پێویستە.

کێشەیەکی دیکەی بەڕێوبەرایەتیەکە پەیوەستە بە کەمی ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کە پسپۆڕییان ژمێریارییە.

هێمن جەمال جەبار، دەڵێت: یەکێک لەو مەرجانەی کە هەیە ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بەشەکانی (خەزێنە و وردبین و حساباتی بەشدارانن) کە پسپۆڕیان ژمێریاری بێت، کە لەو بەشانە ٤ فەرمانبەرمان هەیە و تەنها دوانیان ژمێریارن.

باسی لەوەشکرد: لە کۆی بەڕێوبەرایەتیمان بە خۆشمەوە ٧ پسپۆڕی ژمێریارمان هەیە، لە کاتێکدا لە ٪٩٠ی کۆی بەڕێوبەرایەتیەمان بە هەمو بەشەکانەوە پێویستە ژمێریار بێت.

لەبارەی بونی فەرمانبەری پسپۆڕ لە بواری کۆمپیوتەر کە تاچەند بونی هەیە، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد: ١ دەرچوی کۆمپیوتەرمان هەیە، کە ئەمەش کێشەیە بۆ ئێمە، ئەوانەشی کە هەمان و زانیارییان هەیە لەسەر بوارەکە پێویستیان بە راهێنانە.

## ٣. گرفتی نەبونی یەکەی ژمێریاریی

بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان یەکەی ژمێرارییان نیە لە ئێستادا و کۆی خەرجیەکانیان لەسەر پارێزگای سلێمانیە.

هێمن جەمال جەبار، دەڵێت: «یەکەی ژمێریاریمان نیە لە ئێستادا، هۆکارەکەشی ئەوەیە رێکارەکان لە ئەنجومەنی وەزیران تەواو بوە و لە وەزارەتی داراییە بۆ تەواو کردنی».

بەوتەی خۆیشی گرفتی فەرمانبەریان نیە بۆ ئەو بەشە.

لەبارەی پارەی مانگانەی «نەسریەی» بەڕێوبەرایتیەکەوە، هێمن جەمال جەبار، دەڵێت: «تاوەکو ئێستا نەسرییەی مانگانەمان لەسەر سلێمانیە و دوا ناکەوێت کە خۆی لە ٢ ملیۆن دینار مانگانە دەبینێتەوە، کە بۆ تەواوی پێداویستیەکانی بەڕێوبەرایەتیمان هەر ئەو برەیە کە وەک پێویست نیە».

ئاماژەی بەوەشکرد: بەڕێوبەرایەتیمان بە بەردەوامی لە فراوانبوندایە، کە فراوان بو لیژنە زیاد دەکات کە لیژنەش زیادی کرد ئۆتۆمبێل و پێداویستی زیاد دەکات، بۆیە بەلای کەمەوە پێویستمان بە ٥ ملیۆن دینار مانگانە دەبێت.

## ٤. گرفتی ئۆتۆمبێل

«وەک بەڕێوبەرایەتمان تەنها ٢ ئۆتۆمبێلمان هەیە، کە دانەیەمان تایبەت کردوە بە لیژنەی پشـکنینمان، ئەوی دیکەشـمان تایبەت کـردوە بـە بەڕێوبەرایەتی، کە ئەمەش کەمـە بۆ ئێمە، ئەگەرچی کارەکانـی پـێ رایی دەکەین». هێمن جەمـال جەبار، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان وا دەڵێت.
وتیشـی: بۆیە پێویسـتمان بە ئۆتۆمبێلی دیکە دەبێت لە داهاتو، چونکـە بەردەوام بەڕێوبەرایەتیمان لە فراوانبوندایە، بۆیە دیارنیە کە چەندمان پێویست دەبێت.

## ٥. گرفتە نەبونی ژمارە مۆبایل

زۆرینـەی بەڕێوبەرایەتیەکانی گەرمیـان ژمارە مۆبایلی تایبەت بە خۆیان نیە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە بونی هەر گرفتێک راسـتەوخۆ پەیوەندیان پێوەبکەن، یەکێک لەو بەڕێوبەرایەتیانەش دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیانە.
هێمـن جەمال جەبـار، بەڕێوبـەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانـی گەرمیان دەڵێت: «ژمـارە مۆبایلی تایبەت بە خۆمان نیە، داواشـمان کردوە لە سـەروی خۆمان بە نوسراوی فەرمی کە بۆمـان دابین بکرێت رەتیان کردوەتەوە و پێمان راگەیەندراوە کە تەلەفۆنی ئەرزی بەکاربهێنین».
جەختی لەوەشکردەوە: لەگەڵ کردنەوە بەڕێوبەرایەتیمان داوامان کردوە، بۆ ئەوەی بەردەوام لە بونی هەر کێشـە و کەموکورتی و گرفتێک ئاگاداربین، بەڵام نەبوە.

## ٦. گرفتی ئەنجامنەدانی راهێنان

فەرمانبەرانـی فەرمانگە حکومیەکان بە بەردەوام پێویسـتیان بە راهێنانی بەرزکردنەوەی تواناکانیان هەیە، بەڵام لە گەرمیان ئەمە نەبـوە بە نەریت، ئەوەشـی هەیە وەکپێویسـت نیە و لە جێگەی تموحی بەڕێوبەران و کارمەنداندا نیە.
هێمـن جەمال جەبـار، بەڕێوبـەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانـی گەرمیـان، دەڵێـت: «لەگـەڵ سـەرەتای کردنەوەی بەڕێوبەرایەتمان لە سلێمانی ٣ رۆژ راهێنان بە چەند فەرمانبەرێکمان کراوە نەک هەموی، ئەوانەشی کە بەشدارییان کردوە فەرمانبەرانی وردبیـن و سـندوق بون، ئەمەش وەکپێویسـت نیـە و لە تموحی ئێمەدا نیە».
بەڕێوبـەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی بـۆ کرێکارانـی گەرمیان کردنـەوەی راهێنـان بە گرنگ دەزانێـت، وەک خۆی دەڵێت: هەر فەرمانبەرێک کە چەندین ساڵ ئەزمونی هەبێت کە دەچێتە کارێکی نوێوە پێویسـتی بە راهێنان دەبێت، تەنانەت پێویسـتە حکومەت ئـەو بابەتـە بـکات بە مەرج بـۆ فێربـون چ لـە روی ئەتەکێتی مامەڵەکردنەوە بێت چ لە روی کاری ئیدارییەوە بێت.

## ٧. گرفتی نەبونی بەشی یاسا

نەبونـی بەشـی یاسـا کێشـەی بـۆ بەڕێوبەرایەتی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی بۆ کرێکارانی گەرمیان دروسـتکردوە، بەجۆرێک ئەو دۆسـیانەی کە هەیە راسـتەوخۆ لە سـلێمانیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
هێمـن جەمال جەبـار، بەڕێوبـەری دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانـی گەرمیان دەڵێت: «بەشـی یاسـامان نیـە یەکێکە لە گرفتـە زۆر گەورەکانمـان، ئەمـەش بەهۆی نەبونـی فەرمانبەری یاساییەوەیە کە نەتوانراوە ئەو بەشە بکرێتەوە، ئەگەرچی داوامان لـە ئیدارەی گەرمیان کردوە، بـەڵام بەهۆی نەبونی فەرمانبەرەوە نەتوانراوە بۆمان تەنسیب بکەن».
وتیشی: بۆ هەر بەڵێننامەیەک کە پێویستمان پێی دەبێت دەبێت کرێکار و خاوەنکاریش بچنە سـلێمانی و لەوێوە بۆمان بنوسـن و بیهێننەوە کە ئەمەش ئەرکێکی قورسە بۆسەر شانیان، ئەمە جگە لەوەی بە وەکالەتی ئێمە تەواوی کارەکانی دادگامان بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سلێمانی بۆمان دەکەن.

## ٨. کەمی ژمارەی لیژنەکان و بەرکەوتنی لەگەڵ کرێکار و خاوەنکار دا

لە بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان تەنها یەک لیژنەی هەیە، هۆکارەکەشی کەمی ژمارەی فەرمانبەرانە.
هێمن جەمال جەبار، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان، دەڵێت: «کارەکانی ئێمە بە لیژنە دەکرێت کە لیژنەی پشکنینە بۆ شوێنکارەکان کە وەزارەت دەسەڵاتی تەواوی پێداون کە سەردانی هەمو شوێنکارێک بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر شوێنکارێک ئامادە نەبێت زانیاری بدات یاخود زانیاری بشارێتەوە یان ڕێگە نەدات لیژنەکەمان بچێتە شوێنەکەی، ئەوە دەتوانین ڕوبەڕوی دادگایان بکەینەوە».
هێمای بۆئەوەشکرد: لە ئێستادا یەک لیژنەمان هەیە و فراوانی ئیدارەی گەرمیانیش وایکردوە نەتوانین وەکپێویست کاربکەین، هۆکاری کەمی لیژنەکانیشمان کەمی فەرمانبەرە لە بەڕێوبەرایەتیمان، بۆیە ئەگەر لە داهاتودا لیژنەکانمان بۆ زیاد بکرێت ئەوە بەلای کەمەوە پێویستمان بە سەروی ١٠ لیژنە دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانمان بە باشی ئەنجام بدەین.
هاوکات، فەرهاد کەمال، لێپرسراوی بەشی پشکنین و ئەندامی لیژنەی پشکنین بۆ شوێنکاران لە بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان، وتی: «لیژنەکەمان لە ٣ ئەندام پێکهاتوە، ڕۆژانە سەردانی شوێنکارەکان دەکەین بۆ تۆمارکردنیان و دەستەبەری کردن بۆ کرێکاران».

وتیشی: بە زۆری بەریەککەوتن دروست ئەبێت لەگەڵ کرێکار و خاوەنکارەکان، زۆرجار پێمان وتراوە بڕۆن موچەکانی خۆتان وەربگرن دواتر وەرن دەستەبەری بۆ کرێکار بکەن، تەنانەت شوێنکاری وا هەبوە ئاسایشی هێناوەتە سەر لیژنەکەمان بۆ ئەوەی زانیاری نەدات.
هاوکات، هێمن جەمال جەبار، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان دەڵێت: «یەکێک لەو گرفتانەی ڕوبەڕومان بوەتەوە تاوەکو ئێستا ئەوەیە کە لیژنەکان کرێکارەکان دەبینن، بەڵام ناتوانن قسەیان لەگەڵ بکەن، تەنانەت ڕێگری لە لیژنەکەمان کراوە کە سەردانی شوێنکارێکی کردوە».
جەختی لەوەشکردەوە: چەندین شوێنکارمان داوە بە دادگا لەسەر ئەو بابەتە.
فەرمانبەرانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان بە کۆی گشتی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گەرمیانەوە هاندانیان بۆ هەژماردەکرێت لەبەرامبەر ئەو کارانەی کە دەیکەن، بە جۆرێک لە ٢٥٠ هەزار دینارەوە دەست پێدەکات بۆ ٣٢٥ هەزار دینار.
هێمن جەمال جەبار، جەختی لەمە کردەوە و وتی: ئەو پاداشتە ١٪ی کۆی داهاتی وەزارەت دەکات، ئەمەش بە یاسا ڕێکخراوە.

**« ڕێگری لە لیژنەکەمان کراوە کە سەردانی شوێنکارێکی کردوە، چەندین شوێنکارمان داوە بە دادگا لەسەر ئەو بابەتە »**

## ٩. کێشەی پەیوەندییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە دامودەزگا حکومییەکانەوە

«هەمو کارەکانی ئێمە پەیوەندی بە ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکانەوە هەیە، بە جۆرێک لە ڕێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە گشتاندنمان کردوە بۆ سەر جەم بەڕێوبەرایەتیەکانی سنورەکە بە ٢ جار نوسراوی فەرمی بۆ هاوکاریکردنی بەڕێوبەرایەتیمان، بەڵام تاوەکو ئێستا هەندێکیان هاوکار نین». هێمن جەمال جەبار، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان وا دەڵێت.
وتیشی: پێویستە بزانین چەند پرۆژە لە سنورەکەدا بونی هەیە و چەندی تۆمارە و چەندی تۆمار نیە کە وەک داتایەک لە بەردەستمان بێت، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی کرێکارە، کەچی تاوەکو ئێستا هەندێک لە بەڕێوبەرایەتیەکان وەڵامیان نەداوینەتەوە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەگەڵ قایمقامیەتی کەلار بۆ ئەو مەبەستە کۆبونەوەمان کردوە و پێمان ڕاگەیاندون لە پێدانی مۆڵەتی هەر پرۆژەیەک پێویستە کۆپیەکی نوسراوەکە بێتەوە لای ئێمە و یەکێک بین لە لایەنە فەرمیەکان، کەچی تاوەکو ئێستا نەکراوە و پێمان وتراوە دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ وەربگرین، لە کاتێکدا تەنها ڕێکارێکی ئیدارییە و بە ڕەزامەندیەکی ئیدارەی گەرمیان دەتوانن ئەو گرفتە چارەسەر بکەین.
جەختی لەوەشکردەوە: ئامانجی ئێمە ئەوەیە ئەو داهاتەی کە هەیە و ئەو دەستەبەرییە کە هەیە بۆ بچێتەوە هەولێر و سلێمانی لە کاتێکدا کۆمپانیاکان لێرە کاردەکەن.



## بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی دەستەبەریی لە گەرمیان و کوردستان

### ١. هەڵسەنگاندنی خاوەنکارەکان بۆ مامەڵەی بەڕێوبەرایەتی دەستەبەریی

خاوەن کارەکان مامەڵەی بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان بە باش هەڵدەسەنگێنن، وەکخۆیان دەڵێن پەیوەندی دەکەن، بەڵام فشار ناکەن.

ئارام ئەحمەد، بەڕێوبەری بازاڕی سۆران، دەڵێت: پێشتر کە بەڕێوبەرایەتی لە پارێزگای سلێمانی بو، ئێمەش وردەکاریمان نەدەزانی، ٢ جار بە پۆستە ئاگادارکراینەوە کە پێویستە ئەو برە پارەیە دیاری کراوە بیدەین، بەڵام لەوەتەی بەڕێوبەرایەتی هاتوەتە ئێرە هیچ فشارێک نەبوە و داوایان نەکردوە، چونکە خۆمان مانگانە دەیبەین.

لە هەمان کاتدا، عەبدین محەمەد عەبدوڵڵا، خاوەنی ساردەمەنی ئەڵوەن لە قەزای کەلار وتی: «مامەڵەی فەرمانگەکە باشە و گرفتیان نیە، لەگەڵ ئەوەش خۆیان پەیوەندی دەکەن بۆ ئەوەی مانگانە پارەکەیان پێبدەین».

ئەگەرچی بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان جەخت لەوە دەکەنەوە تۆمارکردنی شوێنکارەکان و کرێکارەکان و وەرگرتنی ئەو برە پارەیەی کە دیاریکراوە لە بەرژەوەندی کرێکاران دایە، بەڵام خاوەن کارەکان رەخنە دەگرن و دەڵێن کرێکار زانیاری نیە لەسەر پرسەکە، بۆیە کارەکانی ئەم بەڕێوبەرایەتیە بە باش نازانن.

ئارام ئەحمەد، بەڕێوبەری بازاڕی سۆران دەڵێت: «بونی ئەم بەڕێوبەرایەتیە شتێکی گشتیە و لە هەمو دونیا بونی هەیە، بەڵام ئێمە وەک خۆمان تێبینی ئەوەمان لەسەری هەیە کرێکار نازانێت و زانیاری نیە ئەو برە پارەیەی کە هەیە چۆن وەری بگرێتەوە».

وتیشی: ئەوەشی هەیە لەلای ئێمە تاوەکو ئێستا چەندین کارمەندمان گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە هیچ برە پارەیەکیان وەرنەگرتوەتەوە، ئەوەشی وەریدەگرێت رێژەیەکی زۆر کەمە رادەست دەکرێت.

خاوەن کارێک باس لەوە دەکات کارەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەباش نازانێت وەکخۆی دەڵێت کرێکار هەبوە توشی زیان بوە، بەڵام هیچی بۆ خەرج نەکراوەتەوە و بە ناچاری ناویان تۆمارکردین.

سارا عوسمان، خاوەنی کافێی (AS) لە قەزای کەلار باس لەوە دەکات: «ئیشوکاری ئەم بەڕێوبەرایەتیەمان پێ باش نیە بۆ زەمانەتی کرێکار، چونکە بەو شێوەیە نیە کە باس دەکرێت ئەگەر کرێکارێک توشی زیان ببێت یاخود توشی روداوێک ببێت بۆی خەرج دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی زانیاریمان هەیە چەند کرێکارێک روبەڕوی شتی وابوەتەوە و پارەکەی بۆ خەرج نەکراوەتەوە».

وتیشی: وەک خۆمان ئامادە نەبوین ناومان لەو بەڕێوبەرایەتیە تۆمار بکەین، بەڵام بە ناچاری ناویان تۆمارکردین.

لە بەرامبەردا، هێمن جەمال جەبار، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان دەڵێت: بە پێی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، پرۆسەی تۆمارکردنی شوێنکارەکان ناچارییە «ئیجبارییە» و بە خواستی خۆیان «ئیختیاری» نیە.

## ٢. هەڵسەنگاندنی ئابوریناسێک

هێمن تۆفیق، پسپۆری بواری ئابوری و مامۆستا لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی گەرمیان، باس لەوە دەکات ئەوەی هەیە لە هەرێمی کوردستان لەسەر یاسای کار شتێکی گونجاو نیە، چونکە بەوتەی خۆی لە هەمو دونیا چەند ساڵ جارێک ئەم یاسایە هەموار دەکەنەوە و گۆڕانکاری تێدا دەکەن، یەکێک لەو خاڵانە دابین کردنی کۆی ئیمتیازاتەکانی کرێکارە، بەشێوەیەک چی لە کەرتی حکومەت هەیە لە کەرتی تایبەتیش هەبێت.

وتیشی: ئەگەر بمانەوێت هانی کرێکاران بدەین لە کەرتی تایبەت کار بکەن، ئەویش بە دابینکردنی ئەو پێداویستی و ئیمتیازاتانە دێت کە چۆن فەرمانبەرێکی حکومەت پشوی هەیە و مافی پێدراوە و هاوینانی هەیە و گەشتی هەیە ئەوە ئەو کات هەمو رو لە کەرتی تایبەت دەکەن، هاوکات بە مانای زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆش دێت.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەمەش دەبێت بە یاسا رێکبخرێتەوە.

هێمای بۆئەوەشکرد: لە ساڵی ٢٠٠٧ یاسایەکیان داناوە و بڕیاربو سندوقێک بکرێتەوە بە ناوی سندوقی خانەنشینی و ئەو بڕە پارەیەی کە لە خاوەن کار و کرێکار وەردەگیرێت لەوێ دابنرێت، کەچی هیچ سندوقێک نیە بەو ناوەوە و هیچ بڕە پارەیەکیشی تێدا پاشەکەوت نەکراوە، لە کاتێکدا ئەمە لە وڵاتان جیاوازە، ئێران بە نمونە هەرکەسێک کە کاردەکات و مانگانە پارەی لێ وەردەگیرێت، لە بونی هەر حاڵەتێک پێان دەدرێتەوە.

ئەگەرچی حکومەتی هەرێم لە پرۆسەی دەستەبەریی دا بەپێی یاسا بڕی ١٧٪ پارە لە خاوەن کار و کرێکار وەردەگرێت وەک بیمەیەک بۆ کرێکارەکە، بەڵام بەوتەی ئەو پسپۆڕە، حکومەت ئەو پارانەی کە کۆی دەکاتەوە، «دەیبات».

وتی: ئەو بڕە پارەیەی کە وەردەگیرێت لەلایەن حکومەتەوە ئامانج لێی کۆکردنەوەی داهات نیە بەڵکو بردنیەتی، هاوکات چەند کەسێک لە ناو حکومەت ئەو پارانە کۆئەکەنەوە بە کۆی باجەکان بە ناوی داهات کۆی ئەکەنەوە، کەچی کرێکار ئاگای لەم دۆخە نیە و خاوەن کارەکانی خۆشمان زۆرینەیان خوێندەوارنین، چونکە تاوەکو ئێستا وا ئەزانن وەک باج لێیان وەردەگیرێت و تێنەگەشتون لەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارە.

دەشڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا ئەوەشیان رون نەکردوەتەوە بۆ کرێکار کە ئەم بابەتە چیە، ئەمەشیان بە هەل زانیوە، ئەو بڕە پارەیەشی کە وەرگیراوە نەخراوەتە خزمەتی گشتیشەوە نەک کرێکار.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەو دەستەبەریەش لە هەمو شوێنێک وەرناگیرێت، بۆنمونە شوێنکاری وا هەیە ٥ کرێکار تێیدا کار دەکات و خاوەنکاریش بۆ هەر یەکێکان لە ١٢٪ دەدات بە حکومەت ئەگەریش هەر کرێکارێک موچەکەی ٤٠٠ هەزاریش بێت بۆ کۆی موچەی هەر کرێکارێک لە ١٢٪ مانگانە ٢٠٠ هەزار لەسەر خاوەن کار دەکەوێت بۆ کرێکارەکانی، ئەمەش وا ئەکات زۆربەی کرێکارەکان دەستەبەرییان بۆ نەکرێت، لێرەشدا کرێکار زیانی بەردەکەوێت.

پێیشیوایە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکار (یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٢) ئەکتیڤ نیە و وەکپێویست جێبەجێ ناکرێت و هیچ شەفاف نیە.

# بەشی چوارەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجامەکان

١. پرسی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام کارا نەبوە، ئەمە چەند ساڵێکە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا برەوی پێدراوە. ئەم بوارە بە پشت بەستن بە یاسای ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٧١ی عێراقی و هەموارکراوی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٢ی پەرلەمانی کوردستان رێکخراوە.
بەپێی یاساکە، ٪١٧ لە کۆی موچەی کرێکار بۆ دەستەبەریی وەردەگیرێت، لەو رێژەیەش خاوەنکارەکە ٪١٢ی دەدات و ٪٥ەکەی دیکەش خودی کرێکارەکە دەیدات، واتا ئەگەر بۆ نمونە ئەگەر کرێکارێک موچەی مانگانەی ٣٥٠ هەزار دینار بێت، دەستبەرییەکەی ٥٩ هەزار دینار لە یەک مانگدا، لەو برە پارەیە کرێکارەکە تەنها ١٧ هەزار و ٥٠٠ دینار دەدات و ئەوەکەی دیکەی خاوەنکارەکەی دەیدات.
ئەگەر مانگانە لەکاتی خۆیدا ئەم پارەیە نەدرێت، ئەوا ٪٢ سوی دەچێتەسەر و بەگوێرەی مانگەکانیش دوقات دەبێتەوە.

٢. ئەو پارەیەی وەردەگیرێت، وەکو دەستەبەر و گرەنتییەک لەکاتی دیکەدا دەدرێتەوە بە کرێکارەکە، بۆنمونە لەکاتی پەککەوتە بونی، یان بێکاربونی، هەروەها ئەگەر تەمەنی گەیشتە سەروی ٦٣ ساڵ، وەکو فەرمانبەری حکومیی خانەنشین دەبێت و موچەی خۆی وەردەگرێت.

٣. داهاتی ئەم دەستەبەرییە راستەوخۆ دەچێتە خەزێنەی حکومەتەوە، لەگەرمیانیش راستەوخۆ لە بانکی حکومی دا دادەنرێت. داهاتی بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەلایەتی بۆ کرێکاران لەگەرمیان لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢ دا بریتیی بوە لە ٤٣٩ ملیۆن و ٧٠٢ هەزار و ٤٠٠ دینار و لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بریتیی بوە لە ١ ملیار و ٢٩٧ ملیۆن دینار. پسپۆڕێکی بواری ئابوریی بەدوری دەزانێت حکومەت ئەم پارەیە بۆ کرێکاران خەرجبکاتەوە، بەڵکو وەکخۆی دەڵێت: «حکومەت ئەو پارانەی کە کۆی دەکاتەوە دەیبات».

٤. دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران چەند ساڵێکە لە گەرمیان کاری پێدەکرێت بەتایبەتی لە ٢ ساڵی رابردودا کە بەڕێوبەرایەتییەکی تایبەت بەم بوارە لە گەرمیاندا سەرپێخراوە، بەڵام تائێستا کرێکاران بە تەواوی ئاگاداریی نین و نازانن چیە و چ سودێکی هەیە بۆیان.

٥. لە گەرمیاندا نزیکەی ٧ هەزار و ٥٠٠ کرێکار ناویان تۆمارە و دەستەبەرییان بۆ کراوە. هەر شوێنکارێکیش دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە و پەڕاوی هەمو کرێکارەکان لەو دۆسیەیەدا کۆدەکرێتەوە.

٦. بەشێک لە خاوەنکار و کرێکاران نیگەران و بە گومانن لەوەی ئەم دەستەبەرە سودی بۆیان دەبێت، بەتایبەتی لە روی خەرجکردنی گوژمەی دارایی بۆیان لەو کاتانەی لە یاساکەدا هاتوە.

٧. نەبونی هۆشیاری و ئاگایی لەبارەی کاری بەڕێوبەرایەتیەکەوە، وایکردوە زۆرجار کێشە و بەریەککەوتن لەنێوان فەرمانبەرانی ئەم فەرمانگەیە و خاوەنکار و کرێکاراندا دروست ببێت.

٨. پەیوەندی نێوان بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەلایەتی گەرمیان و سەندیکای کرێکاران لە گەرمیان پچڕاوە، هەروەک پەیوەندی بەڕێوبەرایەتیەکە بە فەرمانگەکانی دیکەشەوە کێشەی تێدایە و پێویستە رایان لە هەندێک پرسدا وەربگیرێت کە وەرناگیرێت.

٩. بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی گەرمیان، کێشەی بونیادیی زۆری هەیە، لەوانە: نەبونی بینا، کەمی ژمارەی فەرمانبەر و بەتایبەت فەرمانبەری پسپۆڕی بواری ژمێریاریی و کۆمپیوتەر، سنورداریی و کەمیی لیژنەکانی بەدواداچون، نەبونی ئۆتۆمبیل، کەمی بودجەی مانگانە و ...هتد.

## دوەم: راسپاردەکان

١. دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران، بابەتێکی گرنگ و پێویستە، بەتایبەت لەگەڵ گەشەسەندنی زیاتری کەرتی تایبەت و دروستبونی دەستی کاری زیاتر، ئەمەش وادەکات کرێکاران پێویستیان بەم دەستبەرییە هەبێت بۆ ئایندەی خۆیان.
بەڵام ئەوەی کە هەیە، کرێکاران و خاوەنکارەکان کەمتر لەبارەی گرنگیی ئەم پرۆسەیەوە دەزانن، بەڵکو زۆرتر وەکو رێگایەک وێناکراوە بۆ وەرگرتنی زیاتری پارە لەلایەن حکومەتەوە لە هاوڵاتیان.
ئەگەر حکومەت ئەم وێنایەی پێ هەڵەیە و پرۆسەکەی بەلاوە مایەی بایەخە، ئەوادەبێت خەم لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەبارەیەوە بخوات، بۆ ئەمەش رێگای زۆر هەن، لەنمونەی: بەکارهێنانی کەناڵەکانی راگەیاندن، ئەنجامدانی سیمینار و کۆڕ بۆ هاوڵاتیان و کرێکار و خاوەنکارەکان بەگشتی، بڵاوکردنەوەی لە ناوەندەکانی خوێندن، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوە تیایاندا و ...هتد.

٢. لە روی یاساییەوە، یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی هی نزیکەی ٥٠ ساڵ پێش ئێستایە و هەموارەکەیشی زیاتر لە ١٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، ئێستاش بەوتەی شارەزایان پێویستی بە پێداچونەوە هەیە. بۆیە گرنگە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پێداچونەوەی پێویست بە یاساکە بکات و بە بەشداریی پسپۆڕان و کرێکاران و سەندیکا و رێکخراوە پەیوەندیدارەکان هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و ئەو خاڵانەی بە گرنگ و پێویستی دەزانن لە یاساکەدا هەمواری بکەنەوە، یان تەنانەت یاسای نوێی بۆ دەربکرێت.

٣. زۆرگرنگە حکومەت رێکارەکانی بۆ پێدانی شایستەی دارایی بە کرێکاران لەهەر دۆخێکدا بێت، شەفاف بکات، بۆ ئەوەی ئەو گومانانەی لەمڕووە هەن بڕەوێنەوە. جگەلەوەش سندوقی تایبەت پێکبهێنرێت و کرێکاران لەکاتی خۆیدا شایستە داراییەکانیان وەربگرنەوە بەبێ چاوەڕێکردنی زۆر.

٤. بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی گەرمیان، ئەرک و کارێکی زۆری لەسەر شانە، هاوکات توانای مادی و مرۆییشی سنورداره، پێویستە لەمڕووەوە حکومەت گرنگی زیاتر بە بەڕێوبەرایەتییەکە بدات و فەرمانبەری پێویستی بۆ دابین بکات و لەروی بینا و پێداویستییەوە کۆمەکی تەواوی بکات.

٥. شێوازی کۆکردنەوە و وەرگرتنی شایستەی دەستبەرییەکان کۆن و تەقلیدین، گرنگە بیر لە گرتنەبەری رێکاری دیکە بکرێتەوە، لەنمونەی بەکارهێنانی هەژماری بەنکی و هەروەها ئەو سیستەمانەی کە بۆ پارەدانی ئۆنلاین هەن، بۆ ئەوەی رۆتینات کەمبکرێتەوە.

٦. بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سەندیکای کرێکاران، دو دەزگای پەیوەستن بە چینی کرێکارانەوە، گرنگە پەیوەندیی نێوانیان تەندروست بێت، نەک وەکو ئەوەی ئێستا هەیە پەیوەندییەکە پچڕاو بێت. هانی هەردولایان دەدەین بۆ پێکەوە دانیشتن و پێکەوەکارکردن بە ئامانجی خزمەتکردنی زیاتری کرێکاران.

٧. بونی پەیوەندی تەندروستی بەڕێوبەرایەتی دەستبەری کۆمەڵایەتی بە دەزگا حکومییەکانی دیکەوە، گرنگ و پێویستە، لەمڕووەوە هانی یەکە کارگێڕییەکان دەدەین کە گرنگی بەم بەڕێوبەرایەتییە بدەن و ئەو رۆڵەی کە پێویستە بیگێڕێت بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بازاڕ و مۆڵەتی شوێنکارەکانەوە هەیە، پێی بدرێت. هەروەک لێکتێگەیشتن و هەماهەنگیشیان بۆ دروست بکرێت لەگەڵ فەرمانگەکانی دیکەدا.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.


* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net